


# ڕاگەیەندراوی دەستەی بەڕێوەبەریی سایتی هەڵوێست بەبۆنەی

## کۆچی دوایی تێکۆشەری گەلەکەمان کاک "خەلیل ڕەحمەتی"

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی یەکێک لە تیکۆشەرانی گەلەکەمان و سیمای ناسراو و خۆشەویستی ناوچەی سەقز،کاک "خەلیلی رەحمەتی"مان پێگەیشت.کاک خەلیل وەک زەحمەتکێش و کرێکارێک هەر سەرەتای هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامییەوە بەشداری بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانیی گەکەلەی کرد. ناوبراو تێکۆشانی خۆی لە ریزی"سازمانی چریکە فیداییەکانی خەلکی ئێران" دا دەستپێکرد.پاش لێکترازانی ئەم ڕێکخراوە و "ئاش بەتاڵ"ی بەشێکی گەورەی ئەم رێکخراوە بە پیلان و دەسیسەی "توودەئیزم"،کاک خەلیل وەک نوێنگەی ڕادیکاڵیزم و جەوهەری شۆڕشگێڕی، لەبەشی "ئەقەلییەت"ی ئەم رێکخراوەدا مایەوە و تا ئاستی کادری رێبەریی کومیتەی کوردستانی ئەم رێکخراوە و بەرپرسی گەورەترین ئوردووگایان لە کوردستان،بەرپرسایەتیی بەدەست هێنا. لەم ساڵانەدا(81ی زایینی) برایەکی بەناوی مەسعوود (یەکێک لە بەرپرسانی نیزامیی رێکخراوی ئەقەلییەت") لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەدەسدا.

پاش شەرە نیوخۆییەکەی ئەقەلییەت(لە گاپیلونی باشووری کوردستان)،کاک خەلیل بە ئیعتراز بە سیکتاریزم و هەروەها خەت و رێبازی ئەوکاتی ئەم رێکخراوە،ریزی رێکخراوی فیدایی بەجێ هێشت و پاش چەند ساڵ بەناچاری رووی لە تاراوگە کرد و لە ئاڵماندا گیرسایەوە.

کاک خەلیل گەرچی لەریزی رێکخراوێکی سەرانسەری‌دا خەباتی کرد و لە ساڵانی ئاخردا ئەندامی هیچ ڕێکخراوێک نەبوو،بەڵام هەمیشە(تەنانەت کاتی ئەندامەتی لە رێکخراوی فیدایی‌دا) لایەنگری مافەکانی نەتەوەی کورد بوو و هەمیشە لەسەر ئاوڕ نەدانەوەی گونجاوی هێزە سیاسییە چەپە ئێرانییەکان لە کێشەی کورد، رەخنەی هەبوو. کاک خەلیل دەیان جار ئەو ڕەخنانەی خۆی لە کۆبوونە و بە نووسراوە بەو هێزانە گەیاندبوو. کە لەسەر ئەم باوەڕەی زۆرجار تووشی کەم لوتفی و بوغزاندن و "بەرچەسپ" لێدان هات.

کاک خەلیل کورە زەحمەتکێشێک بوو کە ژیانی هەژاری و کرێکاری تەنانەت دەرتانی خوێندنی لێگرتبوو. بەڵام بەهیمەت و تەقەلای خۆی لە شۆڕش دا توانی خوێندن و نووسین فێر ببێ و تا ئەو ئاستە بەرز بووەوە کە بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەنووسییەوە.بێگومان ئەو نووسراوانە دەتوانن وەک دەسکەوتێک بۆ رۆشنبیران و بەتایبەت ئەوانەی لە ڕێکخراوە سیاسییە سەرانسەریەکاندا خەبات دەکەن(یا کردووە)، پڕ لە ئەزموون و وانە بن.

کاک خەلیل شان بەشانی ئەوەی کە باوەڕی قووڵی بە رزگاریی نەتەوەی کورد بوو، هاوکات وەک کرێکارێک، ئاشنا بە مافە چینایەتی،سیاسی و ئابووریەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو و لەو باوەڕەدا بوو کە کێشەی نەتەوەیی بە بێ ئاوڕدانەوە لەم مافانە ناتوانێ سەرکەوێ و گەریش سەرکەوێ،دەسکەوتەکانی بەر ژمارەیەک "بێسان ڕن" دەکەوێ و سەری جەماوەر "بێ کڵاو" دەمێنێتەوە. هەر ئەو باوەڕەش وایلێکردبوو کەلە چوونە ریزی هێزە کوردستانییەکان خۆی بپارێزێت.

ئێمە مەرگی کاک خەلیل بە خەسارێک لە گەکەمان و بەتایبەت بیری پێشکەوتنخوازیی لە کوردستان دەزانین و لەم رێگەوە لە هەموو ئوگرانی یەکسانی خوازی، دۆستان و هاورێیان و بەتایبەت بنەماڵەی بەرێزی کاک خەلیل سەرخۆشی دەکەین.

یادی خەلیلی رەحمەتی بەرزو رێگای پڕ رێبوار بێت
دەستەی بەرێوەبەریی سایتی هەڵوێست
2ی خاکەلێوەی 2706